ئایا سێکس هۆکارێکە بۆ چەوساندنەوەی ژنان !

سامان شاکر

ئـــەمڕۆ لەسەرتاســـەری جیـــهان بزووتنـــەوەی فیمینیســـتی هەیـــە، هەندێکیان ســەربەخۆن و هـــەندێکیان لەگەڵ سیســـتەمی پیـــاواندان، و یـــان پیاوان بۆ ئەوان بیردەکەنەوە، یان بۆ بـەرژەوەندی خۆیـان و پیـاوان کـــار دەکەن، لە کوردســتان تـا ئێستا ژنـان خۆیـان کـۆ نەکردۆتـــەوە و نـــەبوون بەهێزێك و نـەیان توانیـوە کاریگـەریان هـەبێت لەسـەر کۆمەڵگـەو تائێسـتاش ڕێکخراوێکی ژنـان نییـە کـە پلاتفۆرمـی تایبەتی خۆی هەبێت.

لە ئەورووپا فێمینیستەکان قۆنـاغێکی بڕیووە، بزوتنەوەی فێمینیستی تازەش دەتوانرێ وەك شکایەتێك چاوی لێبکرێ وەك ناڕەزایـەك لێکبدرێتـەوە بەرامبـەر بـەو هـــەموو زوڵـم و زۆرەی لـە ژنـان دەکرێـت، و ئـــەو جیاوازییـــە زۆرەی نێوانی نێرومێ یان ژن و پیاو بەتایبەتی لـەبواری دابەشـکردنی کـارو، موچـەو کاری ناو ماڵ، و سێکس و دەسـتدرێژی سێکســیش کـــە بەدەرنییـــە لـــەم چەوسانەوەیە.

فێمینیستەکان ســەرەتا هـــەموویان داوای ئـازادی و یەکسـانی دەکـــەن و دەیانـــەوێ خۆیـان بەڕێوەبـــەرن و زۆر بەگەرمی بەرەو ئەو کارە بچن بەڵام لە دوایـدا سـترکتوری خۆیـان دەگـۆڕن و هەندێکیان دەیانەوێ تەنها دەربکـەون، و هەندێکی تر خۆیـان جیا دەکەنـەوە، گوایە لـەوانی تـر باشـتر و بەتەنـها کـار دەکـــەن، ئـــەم جـــۆرە کردەوانـــە بزووتنـــەوەی ژنـان ناگەیەنێتـــە هیـــچ ئـەنجامێك. دەبێتـەهۆی لاواز کردنیـان، بەتایبـــەتی لەکۆمەڵگەیـــــەکی وەك کۆمەڵگەی کوردەواری کە هەموو شتێك لەلایەن حیزبەکانەوە مۆنۆپـۆل کراوە. بە ڕێکخراوەکانی ژنانیشەوە.

کۆمەڵگـــەی ئێمـــە پێویســـتی بـــە گۆڕانکاریـــەکی ڕادیکاڵانـــە هەیـــە کـــە هـەموو بەیـەك دەنـگ ڕەخنـە بگریـن و دوای دابـــەش کردنـــەوەی نوێـــی دەورەکان بکەین.

دابـــەش کردنـــەوەی نوێـــش تەنـــها بەیەکسانی نێوان ژن و پیـــاو جێگـیر نـابێت بـەڵکو ژنـان دەبـــێ دەســـەڵاتی سیاسی بگرنەدەســت، و ئەوەشـی لـەم پرسیارە لا دەدات دەگـــەڕێ بـــەدوایی خۆشبەختی نەك ئازادی.

خۆشـــبەختیش مانـــای ئەوەیـــە کـــە یەکسانی لـــە هـــەندێك لایـــەنی ژیـــاندا بکەیت و وەك کرێی کارو دابەشکردنی ئەرکی ناوماڵ پەروەردەی منداڵ. کەچی ئـەمڕۆ لـە بازاڕەکانی جیهاندا ژنـــان و منـــاڵان بـــەکرێی کـــەم، کـــاری زۆر بەکاردەهێنرێن، بێجگـە لـە بازاڕەکانی سێکس کە بەهەمان شێوە ژن و منـــاڵی تیادا دەفرۆشرێت.

لـــەژیانی خێزانیشـــدا و بەتایبـــەتی ئەوەی پەیوەندی بە ژیـانی سێکسـەوە هەیە، لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا پیاوان سەردەستن و هەر ئەوانیش بڕیاردەرن، و کەی و چـۆن بیانـەوێ ئارەزووەکانی خۆیـان تـێر دەکـەن. لـەم حاڵەتەشـدا ژنـان بـــە (جنســـی دووەم) نـــاودەبرێن لەوانەیـە تاکـە چـەکێك کـە بەدەسـت پیاوانەوەیە، بۆ ئەوەی ژنان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیـان سێکسـە ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە سێکســییەی نێـوان ژن و پیاو، کۆتایی بە ئازادی ژنان دێنێت. لە هـەندێك کۆمەڵگـەش دەبێتـە مایـەی سـوکایەتی پێکردنیـــان و زۆر جـــاریش کوشتنیان.

ژنان دەبێت لـەخۆیان بپرسـین لـە چ جـۆرە پەیوەندییـەك دەژیـن لەگـــەڵ پیاوەکانیـــاندا و وە ئـــەوان چ جـــۆرە پەیوەندییەکیان دەوێت؟

ئایـــا دەیانـــەوێ ئـــەو پەیوەندییـــە سێکســـیەی لەگـــەڵ پیـــاواندا هەیانـــە کۆتـــایی پێبێنـــن، کـــە دەبێتـــەهۆی داگیرکردنیـان لەلایـەن پیاوانـەوە و لـە پەیوەندی تازە بگەڕێن لەگەڵ ژنـاندا ؟ ئەی چی لە هەستی دایکایەتی دەکەن، ئەی وەچەنانەوە ڕۆڵێکی گەورە نابینێ لەم پەیوەندییە سێکسیە ؟ کـە پیـاوان حـەز دەکـەن ناویـان بـە زیندوویـی بمێنێتـــەوە و ژنـــانیش غـــەریزەی دایکایەتی تێر دەکەن.

ئەم جۆرە بیرو بۆچوونە ناتوانێ هیچ خزمـەت بـە مـافی ژنـان بکـات، ئەکـەر فێمینیستان دەیانەوێ ڕاسـتی خزمـەت بەکێشەکانی ژنان بکەن دەبێت. خۆیان لەو جۆرە چەوسانەوەی سێکسیە ڕزگار بکـەن، ئـەو دەسـتەواژەیە بگـۆڕن کـە پیـاو Subject ژن Object . و چیـتر پیاوان نەبنـە مشـەخۆر بەسـەر لاشـەی ئەوانەوە. لەوانەشە خۆ ڕزگارکردن لـەو پەیوەندییـە سێکسـیەش ئـازادی بـۆ هەموو ژنان نەهێنێت.

داواکاریی هـەوادارانی یەکسانی کـە دەیانەوێ ژن و پیاو یەکسان بن باشـە، بـــەڵام لـــەم حاڵەتـــەدا ســـترکتووری دەســـەڵات داران دەســـتی بەســـەردا ناگیرێ، بـەڵکو تەنـها داواکارییـــەکیان دەخرێتە بەردەم.

بزوتنەوەی فێمینیستی پێویستی بـە ناسنامەیەکی ژنانە هەیە کە بەبێ هیـچ مەرجێك کۆمەڵگەی پاتریارکی و فەزای ئـەوان تێکبشـکێنێ و بەتایبـــەتی ئـــەو وێنـە ئیدیالـەی زاڵبوونـی پیـاو بەسـەر ژنـدا بگۆڕێـت. بـەڵام لـێرەدا چـەند خاڵێکی تـر دێنـە پێشـەوە، و کـاری ژنەکان گرانتر دەکات.

ژنـان لەلایـەن پیاوانـــەوە چـەندەها ساڵە داگیر کـراون، بۆیـە پیـاوان وا بەئاسانی ڕێگا بـەگۆڕانکاری نـادەن. کۆمەڵگەی ئێمە سـترکتورێکی تایبـەتی خـۆی وەرگرتـووە و لەوانەیـــە ئـــەم گۆڕانکاریانـە بـە پێشـکەوتن نـەزانێت. بۆیە خەباتی ژنان دەبێت بۆ ئەوە بێت، ژن بوون شەرم نـەبێت، و مانـای ئـەوە نەبێت، کە ژن بوویت دەبێت لاواز بیت، و بەبێ بوونی پیاوێك لە ژیانتا نـەتوانی ژیـان بـەیت، ژنـان بـەبێ پیـاوانیش دەتوانن ژیـان بکـەن، و گۆڕانکاری لـە ژیانی خۆیاندا بکەن. و ئەم دەستواژانە دەبێـــت لەلایـــەن ژنانـــەوە ڕاســـت بکرێنـەوە، و ژن بـــوون، دایـك بـــوون، دەبێت مایەی شانازی ژنان بێت.

(سیمۆن دی بوڤوار دەڵێت: هـەندێك جـار ڕق لـەلای ژنـان ئـــەوەندە زۆرە بەرامبەر بە پیاوان کـە هـەموو شتێکی پیـاوان ڕەت دەکەنـەوە، بـــەڵام ئـــەوە هەڵەیـــە مـــن نـــاتوانم لەگـــەڵ ئـــەم دەنگانەبم.

فێمینیستەکانیش ئەگەر وابن ناگەنـە هیچ ئـەنجامێك، دەبێت ئـەوان خـەبات بۆئـەوە بکـەن کـە وەك مرۆڤێـك وەك ژنێـك قبـــووڵ بکرێـــن، وە لەلایـــەن پیاوانـەوە وەك مرۆڤ بناســرێن نـــەك وەك ئۆبیەکتیك بۆ کاروباری ناو مـاڵ و سێکس).

ژنان دەبێت لەگەڵ ئەو ڕۆڵە تـازەی کـە هەیانـە و لـە نـاو واقیعـی خۆیـاندا بتوانن بەباشی مامەڵە بکەن وە ڕۆڵیـان وەکو دایك بە گەورەیی بناسرێت.

کەواتـە دەبێت ژنـان بەشـداری لـە هەڵبژاردنەکان بکەن، و بـەپارت بوونـی ئەوان مانای ئەوە نییـە کـە خۆیـان لـە کۆمـەڵگا جیابکەنـــەوە بـــەڵکو دەبێـت ڕەنگیـان لـە نـاو ژیـاندا زیـاتر بێـت. کۆمەڵگی کوردیـش کـە تـا ئێستا یـەك ڕەنگی هەیـە ببێت بـە کۆمەڵگەیـەکی ڕەنگاوڕەنگ.

کاتێ مرۆڤی خێزاندار عاشق دەبێ

نووسینی: سەمیر بێچارە



بێگومـان کـاتێ شـەپۆلی بـــەهێزی عەشق دەریـای دڵی مـرۆڤ دەهـەژێنێ هەموو سنوور و بەربەسـتەکانی ڕۆژگـار دەشـکێنێ کـاتێ مـرۆڤ ڕووبـــەڕووی هـــێزی هەســـت و ســـۆزی ڕەگـــەزی بەرامبەر دەبێتـەوە دەکەوێتـە ململانـێ یـا ئەوەتـە شکست دێنـێ ناگاتـە هیـچ ئاکـامێك یـانیش شۆڕشـێکی عەشـــق دەخوڵقێنێ.

هەر لە سەرەتای بوونـی عەشق وەك کاریگـەرترین چـەمك هـەموو سـنوورو کۆســپ و بەربەســتەکانی بـــەجارێ ڕامـاڵیوە چـەندین بەڵگـەی ڕاسـتەقینە ئـەوەیان سـەلماندووە کـەوا چـەندەها کەسـایەتی بـەرز بـەرەنگاری عەشـق بوونـــە وەك (شـــێخ،مـــەلا، قەشـــە، مامۆستا، پزیشـك، سـەرکردە هتـد) بـە تاسەوە لە دەروازەی عەشـقیان داوە و جیـهانی پـــاکی ئـــەڤینداری خۆیـــان دۆزیوەتەوە لە ژوانە نهێنییەکان چێژی عەشـقیان کـردووە بوونەتـــە ڕێبواریـك لـــەکاروانی خۆشەویســتی هەســت و سـۆزی، عەشـق هێنـــدە کاریگـــەر و بزوتنـەوە مـرۆڤ نـاتوانێ لـە ئاسـتیدا بەرگـە بگرێ و بـێ دەنـگ بوەسـتێ. عەشق بورکانێکی بەهێزە کاتێ لەخاکی دڵ هـــەڵدەقوڵێ مـــرۆڤ لـــە دنیـــای ئەندێشـەو مەسـت بوونـدا ون دەکـا چونکـە مـرۆڤ هـــەموو کـات و ژیـانی تەرخان دەکا بـۆ گەشەسـەندنی باخی عەشق تا لە داهاتوو گوڵـی حـەزو هیـوا بڕوێ بەڵام ئەوەی ئێمـە دەمانـەوێ لـە ناوەڕۆکی باســـەکە بدوێیـت و تیشـك بخەینە سەر هۆکارەکانی عاشق بوونـی کەسی خێزاندار ئایا بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

کـــە لـــەپاش چوونـــە نێـــو قەفـــەزی زێڕینـــی هاوســـەریەوە بـــە نـــهێنی ڕووبـەڕووی عەشـق دەبێتـــەوە لەگـــەڵ کچێکی تـر پـەیمانی عەشـق دەبەسـتێ هەست و سۆزیان ئاوێزانی یەکتر دەکەن جا ئـەو جـۆرە خۆشەویستیە لەســـەر بنەمایەك دروست بووە کە چارەنووسی کچێك بـەرەو گۆڕ ببـــەی بـــەفڕوفێڵ و قسەی بریقەدار فریوی بدەی، ئایا ئەمە ناپـاکی کـردن نییـە لـــە عەشـــق و خێزانەکەت ؟

چونکە کەسی خێزاندار کە عاشق بوو بەهـــەموو شـــێوازێك زیـــاتر بـــەیاخ بـــە هاوســـۆزەکەی دەدا نـــە لـــە ژیـــانی هاوســـەریە دروســـت بـــوو بـــە هـــەموو شـێوازێك زیـاتر بایـەخ بەهاوسـۆزەکەی دەدا نـە لـە ژیـانی هاوسـەریە دروسـت بـووە پیاوەکـەی وەك جـاران هەسـتو سـۆزی نـــەماوە، مـــەیلی کـــەم بـــووە، بەسـۆزەوە لـە خێزانەکـــەی نـــاڕوانێ و هەمیشە تـــوڕە و توندو بـە هەڕەشـەیە هەست بە گۆڕانکاریەکی گەورە و کتوپڕ دەکـا لـە سیمای هاوسـەرەکەی بـەدی دەکرێ مرۆڤ کە بووە خاوەنی خـێزان و منداڵ بەبڕوای من شتێکی هەڵەیە ڕوو لە عەشق بکا چونکە یەکـەم جـار زیـان دەگەیـــەنێ بـــە کەســـایەتی و دووەم جاریش شیرازەی خێزان ڕووە و داڕمان دێ جگـە لـە کـەم بوونـــەوەی هەســت سۆزی خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێرد دڵپیسی و چاودێری کردنی هەردوو لا لە چـوو دەرەوە مامەڵـــە کـــردن شـــەڕو ئـاژەوە خوڵقـاوە لـە ئـەنجامی ئاشـکرا بوونـی ئـــەو پەیوەندییـــە نهێنییـــەی لەنێوان پیاوەکـە یـاخود ژنەکـە کـە لـە بازنـــەی خـــێزان دەرچوویـنـــە چونکـــە پیاوی خێزاندار گەر نهێنی ئاشـکرا بـوو جگە لە تەنگ و چەڵەمـەی کۆمەڵایـەتی بـەڵکو ئافرەتەکـە داوای جیابوونـــەوە دەکـات زۆر جـار ئـافرەتیش بەهـــەمان شێوە لە پـــاڵ هاوسـەرەکەی دووچـاری عاشق بوون دەبێ بە نهێنی پـەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی بێگانە گرێ دەدا و واتە لە کانیاوی پیاوێکی نامۆ تینووی حەز و ئارەزووی دەشـکێنێ. دەکرێ هـەندێك هۆکار بخەینە ڕوو سەبارەت بـە عاشـق بوونـــی ژن و پیـــاو لـــە دەرەوەی هاوسەریدا.

ڕەنگە لـە سـەرەتای گـرێ بـەندی هاوسەریدا کچەکە دوور لە حەزو هەست بـە نابەدڵی شـووی کـردووە واتـا بـە هەڕەشـە و توندوتیـژی چۆتـــە نێـــو کەژاوەی هاوسەری، ئـازارو ئەشـکەنجە دراوە بـۆ پەسـەند کردنـی خواسـت و بڕیاری کەسوکاری بۆیە بیر لـە فڕوفێڵ و ناپاکیکـاری دەکاتـــەوە لـــە پـــاڵ مێردەکەی.

چونکە بەبڕوای ئافرەتەکە لە تۆڵـەی ئـــەو تاوانـــەی لێیکـــراوە بەســـتنی پەیوەندییـەك لەگـەڵ کەسـێکی تـر باشترین تۆڵەسەندنەوەیە بەرامبـەر بـە کەسوکاری مێردەکـەی خـۆی ڕەنگـە لاوازبوونـی هەسـتی سـێکس و تـێر نەکردنی دەروونی ئافرەتەکە بـە مـافی خۆی هۆکار بێ بۆ ڕوانین و چاوتێبڕینی ئافرەت بۆ دەرەوە پیاویش بـە هـەمان شێوە ڕەنگە لە هـەڵبژاردنی هاوسـەری ژیـاندا لـەژێر هەڕەشـــەو کاریگـــەری کەسوکاریەوە بە نابـەدڵی بڕیاری داوە بۆیـە پیاوەکـەش لـە ژێـر پـــەردەی هاوســـەریەوە ڕوو دەکاتـــە عەشـــق و بەدوای عەشقدا دەگـەڕێ حـەز دەکـات لـە بـاخی دڵێکـی تـر گوڵـی حـەزو خۆزگـەکانی بروتێنـێ چونکـە پیاوەکـە کـــە بـــە بۆچوونـــی خـــۆی لەگـــەڵ هاوسـەرەکەی ناتوانێ هـــەموو حـــەزو هەوەســـەکانی جێبـــەجێ بکـا بۆیـــە ژنەکـەی فـەرامۆش دەکـا و لـە ڕەقـی کەسوکاری خۆی زۆر بە کەمی دێتـەوە ماڵەوە بەردەوام بەدوای عەشق دا وێـڵ دەبـــێ کـــە لـــە هـــەمان کـــاتدا زیـــان دەگەیەنێ بە کەسایەتی هەردوو ڕەگەز لەنێو کۆمەڵ بەکەسێکی بەدرەوشت و کـــردەوە خـــراپ دەناســـرێن چارەنووسی هەردوو ڕەگەز بـەرەو وون دەبا.

بۆئەوەی لە نێـو کۆمـەڵگا دووچـاری گرفت نەبین باشتر وایـە ئـازادی بـیروڕا ئـازادی زیـاتر بـۆ کـوڕان و کچـان بڕەخسێنین بە سەربەستی بڕیار بـدەن بـەبێ تـرس و دوو دڵـی بـەرەو ژیـانی هاوسەری هەنگاو بنێن.

سیمیناری لێکۆڵینەوە لەکێشەی کۆمەڵایەتی و گرفتی بنەماڵەی لاوانی کورد

پایتـــەختی فینلـــەندادا وە لـــە هۆڵـــی کایســـای کولتـــوری ســـیمینارێك ســـازکرا بەسەرپەرشـتی ڕێکخـــراوی منداڵپـــارێزی فینلـــەندی، ئەوەی شایانی باســـە لـــەم ســـیمینارەدا هـــەوڵدرا بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ و بێهیـــچ سانســـۆرێك کێشـــەکانی لاوانی کورد لـە هـــەندەران بخرێتـــەڕوو. ســـەرەتای دەســـت پێکردنـــی ســـیمینارەکە کورتەیـــەك دەربـــارەی بەرنامەکانی سیمینارەکە باس کرا لە لایـەن ڕێبـوار کـەریمی، پاشـان داوا لـە بەڕێوەبەری ڕێکخراوی منداڵپـارێز خـاتو (سیرکو پێکەرانێن) کرا کە دامەزراندنی ڕێکخراوەکـە باس بکـات، دوا بـەدوای ئـــەوە ئـــەزموونی بـــاوکێکی کـــورد سەبارەت بە

پرســـەکانی بـــەردەم پـــەروەردەی منداڵان پێشکەش کـرا، پاشـان لەلایـەن خـاتو (شـکۆفە قوبـادی) بابـەتێك بـە ناونیشانی (کێشەی فرەکلتوری لەماڵ و کۆمەڵدا) باس کرا. کـورد لـە تاراوگـەدا ناونیشانی بابەتێکی تربوو کـە لەلایـەن (سـالار سـۆفی) خرایـە ڕوو، پاشـان (گـەنجی کـورد لـــە مەنگەنـــەی دوو کلتـوردا) ناونیشـانی بابـەتی (کرمـانج حەقی) بوو، دووا بەدوای ئەمانە باسێك بە ناونیشـانی (کـورد لـە دیاسـپۆرد) و قەیرانی تێگەیشـتنی نـەوەکان لەلایـەن (دکتـۆر ڕێبـوار فـەتاح) پێشکەشـــی ئامـادەبووان کـرا، (کێشـەکانی ئێمـــەو هەڵوێســـتەکانی ئـــەوان) ناونیشـــانی بابەتێك بوو لەلایەن دکتۆر

(ئالیکسیس کـوروش) پێشکەشـی ئامـادەبووان کـرا، دوا بـە دوای ئەمانـە دەرگـای گفتوگـۆ کرایـەوە بـــەڕووی میوانـاندا و پێشـنیار و پرسیارەکانیان ئاراسـتەی بەڕێوەبـەرانی سـیمینارەکە کرد و ئـــەوانیش بـــەدڵێکی فراوانـــەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان دایـەوە پاشـان ئامـادەبووان داوایـان کـرد کـە سیمیناری لەم شێوانە ساز بکرێت تـا بکرێتە کلیل بۆ کردنـەوەی دەرگاکـانی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای کوردیدا.